# هزری یاسایی

www.hzriyasaey.jeeran.com ٢٠٠٧ نیسان ی ژماره (٧)

خاوەنی ئیمتیاز: کریم برادۆست

سەرنوسەر : سەردار کاوانی

بەرێوەبەری نوسین: احمد عبدالقادر

هەفتەنامەیەکی یاسایی یە

بەهاوکاری یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان دەردەچێت


# بێ دەنگی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە تاوانی بەعشیقەدا, تاوانە

## دوای ٣ ساڵ لە چاوەروانی یاسای خانە نشینی پارێزەران هەموار کرا



### سەرۆک تاڵەبانی :

(( دەبێ ئەو کەسەی روو دەکاتە پیشەی پارێزەرایەتی و شەرەفی ئەم پیشەیە ئەمین وراستگۆ و بابەتی بێت)) دوای ئەوەی(بدیع عارف) پارێزەری طارق عزیز بە درۆ دەخاتەوە

ل٢.......

### لەسەر خێر... یاسای خانەنشینی پارێزەران هەموار کرا

دوای ٣ ساڵ لە بەستنی کۆنگرەی دووەمی پارێزەران کە تێیدا چەندین راسپاردە پێشکەش کرا بوون لە پێناو خزمەتکردنی توێژی پارێزەران کە داواکرابوو برِی موچەی خانەنشینی پارێزەران زیاد بکرێ.ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی ١٨ نیساندا پرۆژە یاسای هەموارکردنی هەردوویاسای پارێزەران (ژ/١٧ ساڵی ١٩٩٩) و یاسای خانەنشینی پارێزەران (ژ/ ١٨ ساڵی ١٩٩٩) پەسەند کرد

## یەکەم کۆنگرەی دادوەرانی کوردستان

پاش ئەوەی پرۆژەی یاسای یەکێتی دادوەرانی کوردستان لە ٢٠٠٦/١١/٢١ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند کرا .سەرچاوەیەک لە نێو دادوەران بە هزری راگەیاند کەیەکێتی دادوەرانی کوردستان بە نیازە یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە ٢٠٠٧/٥/٨ لە شاری هەولێر ببەستێت.لەگەڵ هیوای سەرکەوتنمان بۆ دادوەرانی کوردستان. ئومێدەوارین ببنە پاڵپشت بۆ سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری .




### لەژێر هیچ فشارێك دەست لە كار ناكێشمەوە

بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەلات ,لیژنەیەکی دادوەری دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە گەڵ (ئیفتیخار محمد چەودەری –گەورەی دادوەرانی باکستان)

ل٦.....



### راستی یە شاراوەکان لە میانەی دانیشتنێکی نێوان هزر و (منقذ آل فرعون) دا

*بۆ نەیانهێشت سەدام شەهادەکەی تەواو بکات

*دوا جار کە سەدام وتی عفیة..کەی و بۆ کێ؟...ل٥

### بێ دەنگی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە تاوانی بەعشیقە, تاوانە

رووداوی قێزەوەنی بەعشیقە تاوانێکە بەهیچ جۆرێک نابێت بێدەنگی لێ بکرێت ، و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی تێدا نەکرێت بەمەبەستی دەستنیشانکردنی تاوانکاران و دادگایی کردنیان.دیمەنی ئەو گەلە گورگەی کە دەووری مرۆڤێکیان دابوو ولە ماوەی چەند دەقیقەیێک بە درندەترین شێوە هەنجیان هەنجن کرد کۆمەلآنی خەڵکیان تووشی شۆک کرد ، وئەو رووداوە نەک تەنها خەلکی کورستان بە لکو مرۆڤایەتیش بەرەوو رووی ئەو پرسیارانە دەکاتەوە ، ئایا ئێمە لە چ چەرخێک دەژین ، مرۆڤی نیاندرتالین یان مرۆڤی سەدەی بیست و یەکین ،ئایا ئێمە خەڵکی هەرێمی کوردستانین یان جەنگڵستان . بۆیە ئێمە وەک ستافی هزر وەلآمی ئەو پرسیارانە لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم داوادەکەین , وە بە پێویستی دەزانین کە پەرلەمان لە دانشتنێکی تایبەتدا بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەت (بەتایبەتی وەزارەتی مافی مرۆڤ و داد وکاروباری ژنان و ناخۆ ) دیمەنی ئەو کچۆلەیە سەیربکەن بۆ ئەوەی ناختان بجولێت و ویژدانتان بهەژێت و بەزووترین کات ولآمی هاولآتیان بدەنەوە .



### فروغ

### یاساکانی، ئێران مافی ژنان پێشێل دەکەن

فروغ : لەوکاتەیی کە سەیری البومی وێنەکانی کورەکەی دەکرد ،لەناو ئەو شوقە زۆر بچوکەی کە بەتەنیا تیایدا دەژییێت وتی:

........ ل ٢






دەستەی باڵای یەکێتی مافپەروەران لە کۆنگرەی (کوردستان و مافی مرۆڤ)کە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەولێری پایتەخت بەسترا بەشدار بوو...... ل ٦